# فەرهەنگیلە

(أ)

**ئاران**: گەرمێن و گەرمە سێر.
**ئاویلکە**: سەرە مەرگ، ئاوزینگی مردن.
**ئۆ خژن**: ئۆقرە، ئارام.
**ئێروو**: کەسێک پێداویستی یەکانی ژیانی مسۆگەر کرابن.

(ب)

**باری ( باری ء )**: وە دیهێنەر و دروستکەر، مەبەست خوای گەورەیە.
**بانگووش**: بانگێڕ،باگردێن.
**بڕست**: تین و توانا.
**بریم ناشکێ**: تامەزرۆییم ناشکێنێ، دڵم داناکەوێت.
**بزوو ؛ بووزوو**: شاڵ، قوماشی لە مەرەز درووستکراو کە ڕانکو چۆخەی لێ ساز دەکرێت.
**بەستێن**: کەناری چەوە ڵێنی چۆم و ڕووباران.
**بە عومری خۆی**: لە ژیاندا، هەرگیز.
**بێ هەڵدا**: بێ مشت و مڕ، بێ ئەولاو ئەولا.

(پ)

**پەڵوختە** :مەشعەل
**پاتە**: پێڵاو، کەوش، سۆل.
**پەڕکوڕ**: بێچوە هەڵۆ.
**پێڕ**: تاقم،جەماعەت،دەستە.
**پێروو و تەرازوو**: دوو کۆمەڵەئەستێرەن.
**پیواری**: ون و نادیار و غەیبی.

( ت )

**تاڵووکە**: پەلە، عەجەلە.
**تخێڵ**: سلار، کەوتووی گرێ لێ براو.
**تەوس و تەشەر**: تیر و توانج، پلار.
**تەریوان**: ئاوارە و دەربەدەران.

( ج )

**جواناو**: ئەو ئارەقەی دەموچاوی مردوو لەسەرە مەرگدا دەری دەکات.
**جەب نەدەر**: قان نەدەر، دەرباز نەکەر، قوتار نەکەر.

( چ )

**چۆوە**: سپات بۆوە، سپی بۆوە.

( ح )

**حەجمین**: هەدادان، ئارام گرتن، داسەکنان

( خ )

**ختم**: قم، نوقوم.
**خەمگڕوو**: قوڕی (گیاندارێکی وەک سەرمازەڵەیە).
**خودکار**: قەڵەم جاف.

( د )

**درێشووکە**: زمانی مار و چزووی جڕو جانەوەر.
**دەرۆستی نایێ**: دەرەقەتی نایەت، پێی ناوێرێت.
**دەئاخننە دڵان**: دەدڵانی داوێن، دەیخەنە نێو دڵان.
**دەشقەڵمینە**: بەشکو، بەڵکو.

( ر )

**ڕادەقەنا**: بەردەبۆوە، دەکەوت.
**ڕادەمووسێ**: بە قووڵی ماچی دەکات.
ڕەستا خیز: قیامەت و زیندوو بوونەوە.

( ز )

**زگار**: وەڕەز و بێزار.

**زەمەند:** چخورد، گژوگیای هەڵچووی سەر لێکدراو.

**زەندەق چوو:** زراو چوو، نەترە چوو،تۆقیو.

(س)

**سەرکۆت:** سەر ڕووت.

(ش)

**شالوور:** بولبول.

**شەقاو:** هەنگاو.

(غ)

**غەنیم:** ناحەز و نەیار، دوژمن.

**غەوارە:** پەریوە، ئاوارە، بێگانە .

(ف)

**فڕووزایی:** یەک تۆز.

**فەهێت** : شەرم.

(ق)

**قەشکێن:** قەند شکێن، شەکر شکێن.

**قوڵاغ:** وریا و لەسەر هەست، وشت .

(ك)

**کەسەر دار:** حەسرەت دار، خەفەتبار.

**کرمە ڕێز:** کرمێ.

**کەوت:** دارێکی جوان و قایمی بێ بەرە.

(گ)

**گەوە:** لابەلا.

**گورگە مێش:** بەو سەگە دەڵێن کە لە جیاتی پاسکردنی مێگەل،بۆ خۆی مەڕ و ماڵات دەخنکێنێ و دەیخوات.

**گرچوو:** کەلەکە، لاقەد.

**گفت:** بەڵێن و پەیمان.

**گۆڕین:** ناوبراو، تاین.

**گۆشته زوون:** ئەو گۆشتەی لە حەد و سەری چابوونەوەدا برین دادەپۆشێت.

**گوڵ بەدەم:** سەر بە کوڵووکە.

( ل )

**لاکەنەوە:** ئاوڕ بدەنەوە.

**لە هێکڕا:** لە ناکاو ، لە پڕ.

**لێك لێك:** لێکدا لێکدا، پەیتا پەیتا.

**لێو عەیان بێت:** لێتان ئاشکرا بێت ، بیزانن.

( م )

**مەدار دەکەن:** ئیدارە دەکەن دەژین، دەحەوێنەوە، گوزەران دەکەن، هەڵدەکەن.

**مژ:** تەم.

**ماخۆ:** خاوەن ، خێو.

( ن )

**نامگنخێنێ:** دوام ناخات، ساردم ناکاتەوە.

**نەخاپاو:** هەڵنەخەڵەتاو.

**نەوینیوە:** نەتان بینیوە.

**نیسێ:** سێبەر.

( و )

**ویقار:** ڕێز و سەنگینی و شکۆ.

**پاتە:** پاسەوانی زیندان.

**وشت:** وریا.

**وڵسات:** ئاژەڵ و ماڵات.

( ه )

**هەدەر:** خۆڕایی،بێ سوود.

**هەڵگوڕمان:** کوشم هەڵاتن، خۆ ڕێکهێنان لە سەرمان یان لە خەفەتان.